# نیازە گلاوەکانی تورکیا نابڕێتەوە ئەحمەد دەشتی

دەولەتی تورک هەر لەو سات و ڕۆژگارانەی دا کە دروست بووە هەمیشە دوژمنایەتی کوردو کوردستانیان کردوە و هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان دانیان بەبوونی گەلی کورد وەکو نەتەوەیەک هەرگیز نەهێاناوەو هەمیشە ناوی کوردستانیان بە تورکی چیایی بردوە و دوژمنایەتی دروست بوونی هەموو کیانێکی گەلی کوردوکوردستانیانیان کردوە ، جگە لە پارچە دابڕواەکەی کوردستانی باکورەکەی کە ساڵهای ساڵە داگیریان کردوەو کراوەتە بەشی تورکی داگیرکەر و ئەوانیش زۆر نامرۆڤانە دەستیان بە سەر هەموو کەلتورو فەرهەنگ و هەموو بونەوەرو بەرو بومێکێکی ئەو پارچە زێڕینەی کوردستان دا گرتوەو ناوو ناتۆرە و خوێندن هەتا ئەمڕۆش بە زمانی کوردی قەدەغەیە و تەنانەت پەیڤینی ئاساییش هەتا ئەم دواییانە هەر قەدەغە و گوناهێکی گەورە بوو،هەر لەو ساتەوە کە کەمالیەکان هاتوون و 25ملیۆن کوردیان لەوبەشە و لەو پارچەسەر زەمینە کوردە دا بەوپەڕی دڕندەیی چەوساندۆتەوە وکوردیان بێ بەش لە هەموو مافێکی میللی خۆیان کردوە و ئەوان واتە تورکە کەمالیەکان هەمیشە هەولیان داوە کە جگە لە پارچەگەورەکەی کوردستانی باشور دەست بخەنە ناو هەموو کارو بارێکی بەشەکانی تری کوردستان و هەمیشە دژایەتی کوردیان کردوە و هەردەم چاویان بڕیوەتە گیانی مرۆڤی کوردو هەولیان بۆ زێتر چەوساندنەوەی پارچەکانی تری کوردستانی دابەش کراو بەسەر هەرسێ وەڵاتانی عێراق و ئێران و سوریا داوەو لەهەر کات و ڕۆژگارێکیش کە بۆیان لوا بێت ئەوا بە کردەوەو بە ئاشکرا هۆکاری دروست بوونی پەیمانەکانی وەک سەنتۆ ئاسا بووینەو زۆر دڵسۆزانە لە گەڵ عارەبەکان و عەجەمەکان یەکتریان گرتوەو بەیەک دەنگ و بەیەک ڕەنگ و بە یەک پەیمان هەموو هێزیکیان بۆ پەلاماری کورد و کوردستان و لە ناو بردنی گەلی کورد بە کار بردوە و یەکیان گرتوەو بە هەموو هێزێکیان هەولیان داوە کە بەهیچ شێوەیەک نەیەلن کورد ببێ بە خاوەن قەوارەیەکی میللی خۆی و سەر هەڵ بدات، وا

ئێستاکەش دەبینین و دەبیستین لەدوای ئەو هەموو ڕوداوانەی کەوا لە ناوچەی خاوەر میانە وەدی هاتوە، ڕژێمە دکتاتۆرە مرۆ کوژەکەی بەغدا بەو دەردە بردراو بۆ هەمیشە تەفرو تونا بوون و لە سایەی سەری زلهێزەکانەوە تەواوی گەلی عێراق لەچنگ سەدامە هێتلەر ئاساکە ڕزگاری بوو،بە تایبەتی گەلی کوردی بەش خوراوو ستەم دیدە،ئەوەش بە هۆی لێدان و هێرشی زلهێزەکانی وەک ئەمریکاو ئینگلیزو هاوپەمانەکانیان کە دیمان چلۆن ئەو هەمووی هێزەی سەدامیان لە ناو بردو سەدام دەستە ئەژنۆ ماو ئەو هەموو زوڵم و زۆرادریەی کە لە ماوەی سالْها ساڵی رابوردووی پڕ لەکارەسات و کوشت کوشتاری گەلی کورد وا لە سوچی زیندان دا سوک و چروک و ڕەزیل ماوەتەوە و ڕیسوا بوە،ئەمەریکای زلهێزیش کە بەنیازی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان هاتن و وا خەریکن لە سەر خاکی عێراق لە پێناوی پاراستنی بەرژێەوەندیەکانی خۆیان و لێدانی ترۆریستان جێگیر دەبن،کەپێشم وایەتازە کار لە کار ترازایەو ئیتر دەرچونیان لەو ناوچەیەدا خەیالەو ئەوان کە نیازی وەدی هێنانی گەلێ لەگۆڕانکاریەکانی کە خودی ئەمریکاو ئینگلیز چاویان بڕیوەتێ و ئەویش لە تەواوی ئەو وەڵاتانەی دەورو بەرو بەتایبەتی ئەوانەی کە لە هەگبەی ئەمەریکا و ئینگلیز و هاوپەیمانەکان و جیهان دا بە دیاردەی هاوکارو یاریدەدەرو هاندەرانی ترۆریستان ناو دبردرێن و لە لیستی پێشەوەی بەر چاوانی زلیێزەکان دانە و بە خەتەرێکی گەورەو ماڵ وێرانی جیهانیانیان دەزانن و تازەش پاشگەز بونەوەیان مەحالەو هەنگاویشی بۆ داوێن و وازیش ناهێن.

ئەوەی کە ئەمڕۆ دیاردەیەکی گەلێ شەرماوەرانە و دڕندەییە بە تایبەتی دژ بە گەلی کورد کە دەبینین لە هەوال و دەنگ و باسەکان سەر هەڵدەداتن ئەویش کردەوەکانی داگیرکەری تورکە دژ بە گەلی کورد،بە تایبەتی کە گەلی کورد لە کوردستانی باشور دا وا خەریکە لە دوای هەزاران هەزار شەهیدان و ئەو هەلە مەزنەی کە ئەمڕۆ بۆ گههلی کورد لە ئارا دایە و هەڵکەوتووەو وا لە ناو ماڵ ولانەی خۆی دا خەریکە جێ پای خۆی بکاتەوە و کەمێ بە ئاسودەیی بژیت و خاکی سوتێندراوو خاپور

كراوى خۆى ئاوەدان بكاتەوەو ديسانەكە داگيركەرى تورك و نەيارانى كورد وا هاتۆنەتەوە مەيدان و دەبينين هەر لە دواى سەردانەكەى هێژا بارزانى و موساوەمە نەكردنى لە سەر كوردستان و بەتايبەتى شارى كەركوكى دڵى كوردستانەوە، توركەكان وا كەوتونەتە هەروگيف و چاو مۆڕ كردنەوە لە گەلى كوردو كوردستان ، وا لە ڕاگەياندن و ئاژانسەكان دا توركە شۆڤێنيەكان بڵو دەكەنەوە و دەڵێن كە نابێت ڕژێمى تورك لەسەر شارى كەركوك و هاوكارى كردنى توركمانەكان ئاوا بێ دەنگ بێت و بە پێى هەوالەكانى ئەم دواييەش وا را دەگەيێنن كە لەم ڕۆژانەى دوايى دا تەيب ئۆردوغانى سەرەك وەزيرانى تورك زۆر بە كوت و پڕى بڕيارى دروست كردنى لێژنەيەكى ئاسايشى سەربازى كە لە وەزيرى بەرگرى و دەستەى ئەركان و ژمارەيەك لە ئەندامانى ميت و وەزارەتى دەرەرە داوە و گوايە كارى سەرەكيان چاوەدێرى بارو دۆخى شارى كەركوكە،گوايە ئەوەش لە دواى ئەوەى كە هێژا مەسعود بارزانى لە توركيا زۆر بە راشكاوى و دڵسۆزانەوكوردانە گوتى:كە بەهيچ شێوەيەك كەركوك لە كوردستان جيا نابێتەوە و كورد ئامادەيە كە دژى هەر دەست تێوەردان و هەولى نەگەرانەوەى كەركوك بۆ سەر خاكى كوردستان شەر بكەن و هەرگيزموساوەمە لە سەر كەركوك قەبول ناكرێت،سەرچاوەكانى هەوالەكانى تورك رادەگەيێن كە ئەنجومەنى ئاسايشى تورك لەم مانگەدا لە سەر بارو دۆخى كەركوك و پەيڤەكانى بارزانى كۆ دەبێتەوە و چاوەدێرى بارودۆخى كەركوك بە ڕاشكاوى دەكات و دەڵێن بەرگرى كردنيان لە توركمانەكانى كە لە كەركوكن پێويستەو دەبێ بكرێت.

جا ئەى گەلى كورد وريا نەبن و لە ئاستى ڕوداوەكان نەبين ئەوا دوژمنان زال دەبنەوە چونكە هەمويان دژ بە كورد يەك ڕەنگ و يەك ئاواز و يەك باوەڕن و وا لە هەموو لايەكەوە دژ بە كورد كەوتونەتەوە لورە لورو هەرەشە كردن لێمان. 26.10.2004